

# کورتەیەک لەژیاننامەی تێکۆشەر، ئازادیخواز و هونەرمەندی شۆرشگێڕ، شەهید ڕەوف قورئانی

ڕەوف قورئانی، مانگی گوڵانی ساڵی 1329 ی هەتاوی بەرامبەر بە 1949ی زاینی، لەبنەماڵەیەکی مامناوەندیی لەشاری سەقز چاوی بەدنیا هەڵهێنا. قوتابخانەی سەرەتای و ناوەندیی لەشاری سەقزدا تەواوکرد. هەر لەمنداڵییەوە خاوەنی چەندین بەهرەی هونەری بوو. لەهونەری نگارکێشان، خۆشنووسی، وەرزشی فوتباڵ و مەلەدا لەپێش هاوڕێیانییەوە بوو. ساڵ دوای ساڵ بەهرەهونەرییەکەی زیاتر گەشەی دەکرد. خاوەنی دەنگێکی خۆش وزوڵاڵ و شمشاڵ وفلووتی زۆر باش لێدەدا. هێندە خولیا و ئەڤینداری هونەری موسیقا و نگارکێشان بوو، کە دەستکورتی و نەداریی نەیدەتوانی ببێتەڕێگر لەبەردەم حەز و ئارەزووەکانیدا. لەسەر کاغەز، قوماش، تابلۆ و دیوار وێنەی گوڵ و باڵندە و سروشتی دەکێشان، هێندێ جاریش زۆر وەستایانە بەگەچ و ڕەنگ دیوەخانی بنەماڵەی هاوڕێیانی دەڕازاندەوە. هەروەها لە دروومان و بەرگدوری و سەرتاشیندا شارەزا بوو. زۆر جار جلوبەرگی بۆ خۆی دەدروو. هەموو کاتێک بە موسیقی و دەنگی خۆشی کوڕی هاوڕێیانی دەڕازاندەوە.

ڕەوف جگە لەوەی کە هونەرمەندێکی خاوەن بەهرە و دەسترەنگین بوو، هەروەها وەرزشکارێکی لێهاتوو بوو، بەردەوام دەچوو بۆ وەرزشی جوانی لەش، هاوکات مەلەوانێکی باش و سەرۆکی تیپی فوتباڵی گەڕەکیان بوو، ساڵی 1966ی زاینی لەخولی یارییەکانی شاری سەقزدا تیپەکەیان پلەی یەکەمی وەرگرت. لەهەموو یارییەکاندا ڕەوف لەگەڵ عەتای برای لەسەرکەوتنی تیپەکەیان ڕۆڵێکی باشیان دەگێڕا. لەکاتی دەستپێکردنی یارییەکانی تیپەکانی سەقز کە هەموو ساڵێک بەڕێوە دەچوون، ڕەوف کە لەخۆشنووسیدا وەستا بوو، ناوی تیپەکەیان و ژمارەی ئەندامانی تیپەکەی لەسەر کراسەکانیان دەنووسی.

ڕەوف لەسەردانی بۆ گوندەکان سەرنجی رادەکێشرایە سەر باری نالەباری ژیانی دانیشتوانەکەی و، هەرچییەکی دەبینی وەک فیلم لەمێشکیدا تۆماریدەکرد و، بەجوانترین شێوە دەیگواستەوە سەر تابلۆکانی. زۆربەی تابلۆکانی ئاوێتەیەک بوون لەسروشتی کوردەواری و رەنج و بەشمەینەتی و ئارەقەی نێوچەوانی سەپان و جۆتکار و بەشخوراوانی لادێ. هێندێک لە تابلۆکانی چوار بۆ شەش مانگە کاری لەسەردەکرد، مرۆڤ بە بینینی تابلۆجوانەکانی سەرسام دەما، دوای تەواوکردنی هەر تابلۆیەکی، بێئەوەی حیسابێک بۆ کار وماندووبوونی چەند مانگی رابردووی بکات، پێشکێشی هەڤاڵانی و خزمانی دەکرد. ڕەوف بەمانای وشە مرۆڤێکی خۆنەویست ومرۆڤدۆست و هاوڕێ خۆشەویست بوو.

کاتێ تەمەنی گەیشتە هەژدە، بەپێی یاسای وڵات چوو بۆ سەربازی. لەماوەی دووساڵی سەربازیدا بەهۆی کوردبوونییەوە بەرەوڕووی کۆمەڵێک کێشە بووە و، لەو راستینەیە گەیشت سەرچاوەی هەموو نابەرامبەری و دواکەوتوویی وڵاتەکەی بەهۆی کوردبوونەوەیە. ئەمەش سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانی هۆشیاریی سیاسی و نەتەوەیی. بیری لەبراگەورەکەی **کاک شەریف قورئانی** کردەوە و، زانی بۆچی کاک شەریف سالانێکە بەرەو باشووری کوردستان کۆچیکردووە و، لەوێ بووە بە پێشمەرگەی **شۆڕشی ئەیلول**. ڕەوف بڕیاریدا بەنهێنیی بەرەو باشوور بڕوا و لەوێ کاک شەریف براگەورەکەی بدۆزێتەوە. ئەوە بوو **"عەتا"** ی برای لەبڕیارەکەی خۆی ئاگادارکرد. عەتاش دڵخۆشبوو بەوەی کە بەچوونی ڕەوف، ئاگاداری ژیانی کاکەیان و بارودۆخی پێشمەرگە وشۆرش دەبن. بەڵام ئەوەشیان دەزانی کە چوون بۆ باشوور وبڕینی سنوور زۆر دژوارە و، سیخوڕەکانی ساواک و ئەمنیەی شا لەهەموو شوێنێکدا هەن. لەم سەروبەندەدا بەهۆی چالاکیی بەردەوامی سیاسیی عەتاوە، دەستگەی پاراستنی رژێمی پاشایەتیی **(ساواک)** شەوێک رژانە نێو مالەوەیان و عەتایان گرت و، بردیان بۆ بەندیخانەی **قەسر** لەتاران. ڕەوف ئەوکات لە دایرەی **سیلۆی** سەقز کاریدەکرد، زۆرینەخایاند دوای گیرانی عەتا، بەکرێگیروانی ساواک "ڕەوف" یشیان لەشوێنی کارەکەی دەستبەسەر کرد و گواستیانەوە بۆ زندانی ساواک لەسەقز، لەبەر ئەوە نەیتوانی بڕیارەکەی بهێنێتەدی.

دوای گیرانی عەتا و ڕەوف لەلایەن ساواکەوە، بارودۆخی نێوماڵ بەتەواوەتیی تێکدەچێ، خەم و پەژارە بەسەر مێشکی هەموو ئەندامانی بنەماڵە و کەشوهەوای ماڵەوەدا زاڵدەبێ. **دەبێ باری دەروونی دایکوباوکێک چۆن بێت کە هەموو کات بیر لەوەبکەنەوە منداله جگەرگۆشەکانیان کە بەهەزار مەینەتی و شەونخوونی وخۆشەویستییەوە پەروەردەیان کردوون، ئێستا لە کونجی بەندیخانە ئەشکەنجە و ئازار بدرێن!؟** باوک ناسراو بە **(سەرکار قورئانی)** هەموو ژیانی خۆی لەنێو سوپادا خزمەتی ئەو سیستەمەی کردبوو، دوای ئەوەی خانەنشین کرابوو، هەڵبژێردرابوو بۆ سەرۆکی کانوونی خانەنشینانی سوپا، زۆر بەدڵسۆزییەوە بەکاروباری خانەنشینەکاندا رادەگەیشت. لەپاداشی ئەم هەموو ماندووبوون و دڵسۆزیکردنە، دوو کوڕی لاو و زیرەک و ژیری لەلایەن رژێمەوە خرابوونە زیندانەوە. ڕەوف لەشارەکەی خۆیدا بەندکرابوو، ئەوجا چوون بۆ تاران بۆ سەردانی عەتاش هاسان نەبوو، چۆنکە جگە لەوەی کە مووچەی مانگانە هێندە نەبوو بەشی هاتوچۆی رێگەی

تاران بکا، بەڵکو بەپێی بڕیاری کاربەدەستانی ساواک، دایکوباوکی زیندانییەسیاسییەکان ساڵی جارێک دەیانتوانی سەردانی ڕۆڵەکانیان بکەن.

ڕۆژێکیان **سەرکار قورئانی** دەچێتە سەردانی ڕەوف لەبەندیخانەی سەقز، هەڵسوکەوتی کاربەدەستانی زیندان لەگەڵی و دیتنی کوڕی بەندکراوی، بیروهۆشی لێدەبڕێ، لەکاتی گەڕانەوەی بۆ ماڵەوە بێئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، بەنێو جادەدا دەڕوا و ئۆتۆمۆبیلێک لێیدەدا، ئازارێکی زۆری پێدەگا و دەیبەن بۆ نەخۆشخانە.

ڕۆژێکی دی لەنێزیکی **"مزگەوتی جامێعا" (مزگەوتی گەورە)** سەرکار قورئانی، خۆپێڕاناگیری و، بەدەنگی بەزر هاواردەکا: **"ئەی هاوار خەڵکینە دوو کوڕی جوان و گەنجم گیراون...!".**

ڕەوف ماوەیەکی کەم لەزندانی ساواک ڕاگیرا. دوای ئازادبوونی بەهۆی پێشینەی سیاسیی خۆی و عەتای برای، لەهیچ دایرە و دەزگەیەکی حکوومەتی بەبیانووی جۆراوجۆرەوە وەریاننەدەگرت. ئەمە لەکاتێکدا دوای تەواوبوونی دووساڵ سەربازی و ئازادبوونی لەزیندان، لەگەڵ کچی بنەماڵەیەک لەخزمانی شاری بانە هاوسەرگیریی کرد، بە نیازی ئەوەی ژیانێکی ئاسایی لەگەڵ هاوسەرەکەیدا دەستپێبکات. بەهۆی دەستکورتی و هەژارییەوە نەیدەتوانی دوکانێک دانێ کە لەڕێگەی هونەرەکەیەوە بژێویی ژیانیان دابین بکات. لەبەر ئەوە لەبارودۆخێکی ناخۆشی دەروونی و ئابووریدا ژیانیان بەڕێوەدەچوو.



وێنەی کاک ڕەوف و هاوسەری بەڕێزی کوبرا خانم

**پەژارە و خەم و دڵەڕاوکەی سەرکار قورئانی سەبارەت بە ژیان وچارەنووسی کوڕەکانی (ڕەوف وعەتا )، تەنگیان پێهەڵچنی و تووشی جەڵتەی دڵهات و، لەمانگی ڕێبەندانی ساڵی 1978 ی زاینی، بە بەرچاوی ژن ومنداڵەکانییەوە کۆچیدواییکرد.**

ساڵ بوو بە 1978، ڕەوف و هاوسەری **کوبراخانم** کچێکیان بوو نێویاننا **"شەوبۆ"**. لەم ساڵەدا لەژێر گوشاری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی جیهانی و **جیمی کارتر** سەرکۆماری ئەوکاتی ئەمریکا لەشا بۆ بەخشینی ئازادیی زیاتری سیاسی و ڕاگەیاندن، کۆمیتەیەک لەلایەن ڕێکخراوەی مافی مرۆڤی جیهانییەوە سەردانی بەندیخانەکانی کرد و لەنێزیکەوە گوێی لەقسەوبۆچوونی زیندانییەکان گرت..

ڕۆژنامەکانی سەربە حکوومەتیش ئاگادارکران بەشێوەیەکی بەرتەسک رەخنە و گازندەی خەڵک سەبارەت بە کێشەکۆمەڵایەتییەکان بڵاوبکەنەوە. لەمەوە دیواری ئەستووری ترس و شەوەزەنگی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا درزی تێکەوت و، **لەکۆتاییەکانی مانگی گەڵاڕیزانی 1978 دا** خۆپێشاندانێک لەلایەن مەلاکان ولایەنگرانیان لەشاری **قۆم** بەڕێوەچوو. خۆپێشاندانەکە وەک چاوەڕواندەکرا، لەلایەن هێزەکانی شاوە هێرشیکرایەسەر و، دەیانکەس کوژران و، سەدانکەسی دیکەش بۆ بەندیخانەکان بەڕێکران. لەچلەی کوژراوانی شاری قۆم، ئەوجا لەچەندین شاری گەورەی ئێران، بەتایبەتیی لەشاری **تەوریز** خۆپێشاندانێکی گەورەی جەماوەریی بەرپاکرا. هێزەکانی رژێمی شا هەروەک شاری قۆم لەکوشتنوبڕینی خەڵکی تەوریز دەسیاننەپاراست، بەڵام رەق و بێزاریی پەنگخواردووی دەیانساڵەی گەلانی بندەست و جەماوەری تینووی ئازادیی تەقییەوە و، نارەزایەتی و دژایەتیکردنی رژێم بەرە بەرە هەروەک ئاگر و پووش بڵێسەی سەند و هەموو شارۆچکە و مەڵبەند و شار و ناوەندی بازرگانی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی ئێرانی گرتەوە...

پەرەسەندنی شەپۆلی خۆپێشاندانی جەماوەریی لەسەرتاسەری ئێران، شای ناچارکرد لەچەند حەفتەیەکدا تێکڕای گیراوانی سیاسیی ئازاد بکات. لەگەڵ ئازادبوونی بەندکراوانی سیاسی و گەڕانەوەیان بۆ شار وزێدی خۆیان، دەیانهەزار کەس بەرەوپیریان دەچوون و، قارەمانانی راستینەی خۆیان لەئامێز دەگرت. **عەتا** لەگەڵ ژمارەیەک لەهاوڕێیانی بەندکراوی وەرزی پایزی ساڵی 1357 (1978) گەڕایەوە بۆ شاری سەقز و، لەلایەن هەزاران لاو و پیری شارەوە پێشوازیکرا. پۆل پۆل دانیشتوانی شار ودێ سەردانی ماڵی عەتا و زندانیانی رزگاربووی دیکەیان دەکرد. مانگی رێبەندانی 1979 رژێمی پاشایەتیی هەرەسیهێنا و، جێژنی سەرکەوتن و ئازادی هەموو ئێرانی گرتەوە. لەکاتی هێرشکردن بۆ سەر ناوەندی پۆلیسی شار، حەمە حسێن کەریمی یەکێک لەرێبەرانی کۆمەڵە تەوەی لێکرا و بەبرینداریی گەیەندرایە تەورێز.

لەهەردوو پارێزگەی **سنە و ورمێ** کۆنترۆڵی شارەکان کەوتنە دەستی رێکخراوە سیاسییەکانی کورد خۆیەوە. **کاک فواد مستەفا سوڵتانی** کەسایەتیی سیاسی و رێبەری کۆمەڵە، دوای ئازادبوونی لەبەندیخانە، رێکخراوەی **"جمعیت دفاع از حقوق زحمتکشان"** و **"یەکێتیی جوتیاران" ی** دامەزراند. زۆرینەی چەپەکانی کورد بەتایبەتیی ئەندامان و لایەنگرانی کۆمەڵە لەنێو ئەم دوو رێکخراوەیەدا کۆببوونەوە. شاری سەقز هەروەک زۆرینەی شارەکانی دیکەی کوردستان لەلایەن شۆرای شارەوە بەڕێوەدەبرا، شۆرای شار لەنوێنەری **"جمعیت"** و **حیزبی دیموکراتی کوردستان و، کەسایەتیی ئاینی وکۆمەڵایەتیی** شارەکان پێکهاتبوون. پارێزگاری لەناوەندەکانی پەروەردە و خزمەتگوزاری و تەندروستی و پاراستنی ژیان و ماڵی هاووڵاتیان لەئەستۆی شۆرادا بوو. **رەوف وعەتا و حەمە کوڕی بچووکی بنەماڵە**، لەئەندامانی چالاکی **"جمعیت"** بوون و، شەوانە لەگەڵ دەستەی پێشمەرگەی سەر بە "جمعیت"، ئەرکی پارێزگاریکردنی شار و نەخۆشخانەی گەورەی شاریان بەڕێوەدەبرد. لەم کاتەدا هەواڵی **شەهیدبوونی حەمە حسێنی کەریمی رێبەری کۆمەڵە** بەشاردا بڵاوبووەوە و،




**دوابەرهەمی شەهید ڕەوف**

تەرمەکەی لە تەورێزەوە هێنرایەوە بۆ سەقز. لەڕێورەسمێکی شایستە و فراوانی جەماوەریدا تەرمەکەی لەگۆڕستانی شار بەخاک سپێردرا. لەم کاتەدا هەموو شەوێک لەدەوروبەری شار بەتایبەتیی نێزیکی نەخۆشخانە و سەربازخانەی گەورەی شار تا دەمەوبەیان بەهۆی دەنگی تەقە و دەسرێژی گوللەوە شار بەتەواوەتیی دەشڵەژێ. حەفتەیەک پاش شەهیدبوونی کاک حەمەحسێن، ڕەوف لەسەر بانی نەخۆشخانە کێشک دەبێ، بەچواردەوردا دەڕوانێ بزانێ زۆرترین دەنگی تەقە لەکوێوەدێت، شوێنێک لەخوارووی سەربازخانە و پشتی ستادیۆمی شار بەدیدەکا و، دەمەوبەیانی بۆیدەچێ بزانێ کێن. بەڵام کاتێک لەڕۆناکی ڕۆژدا دەگاتە ئەوێ، تەقەی لێدەکرێ و، لەجێدا شەهید دەبێ و گیانی پاکی پێشکێشی ئازادی و سەرفرازیی نەتەوەکەی دەکات.

**تەرمی شەهید ڕەوف ڕۆژی 28/11/1357 ی هەتاوی (مانگی فێبریوەری 1979) بەسەر دەستی براکانی و سەدان هاوڕێی ئازادیخواز و تێکۆشەری و هەزاران کەس لەجەماوەری شاری سەقز بۆ گۆڕستانی شار بەڕێکرا. ڕۆڵەی ئازا و بوێر، هونەرمەند و ئازادیخواز ڕەوف قورئانی، بنەماڵەکەی، هاوسەری و دوو کچە جوان و ساواکەی (شەوبۆ و وەنەوشە) هاوڕێیان و نەتەوەکەی بەجێهێشت، بەڵام بۆ هەتاهەتایە خزمەت و دڵسۆزی و تێکۆشینی بۆ ئازادی و ڕزگاریی گەلەکەی لەبیرناچنەوە و یادی لەدڵماندا بەزیندوویی دەمێنێتەوە!.**

**زۆر مخابن، دوو ساڵێک دوای شەهیدبوونی کاکە ڕەوف، ئەوی کە بۆ بنەماڵەکەی وهاوڕێیانی ناخۆش و دڵتەزێن بوو، ئەوە بوو لەئەنجامی شەڕولێکدانی نێوان پێشمەرگە و بەکرێگیراوانی ڕژێمی داگیرکەری ئیسلامیی، لەلایەن هێزەکانی ڕژێم، شاری سەقز بەخەستی بەتۆپ وهاوەن بۆمبارانکرا، یەکێک لەو گوللەتۆپانە بەر ماڵەکەیان کەوت و هەرچی بەرهەمی شەهید ڕەوف بوو**

لەگەڵ کەلوپەلی نێوماڵەکەیان ئاگری گرت و فەوتا. لەبەر ئەوە بەدەگمەن بەرهەمی لێ بەجێماوە کە بتوانرێ وەک توانای بەرزی ئەو هونەرمەندە شەهیدە پێشانی گەلەکەی بدرێت!

**هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهید رەوف قورئانی و هەموو شەهیدانی رێگەی ئازادی و رزگاریی نەتەوەی کورد!**